گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper17

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/١٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٩
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# جیۆدیمۆگرافیی و دابەشبونی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان

**محمد مهدی کریم[١] - جەزا تۆفیق تالیب[٢]**

mohammed.mahdi@garmian.edu.krd - jaza.talib@univsul.edu.iq

[١]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤاتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

توێژینەوەکە؛ هەوڵێکە بۆئەوەی ڕاستییە دانیشتوانییەکان (گۆڕانکاری و دابەشبون)یان بەسەر جوگرافیای ئیدارەی گەرمیاندا ڕونبکاتەوە، ژمارە و داتا دانیشتوانییەکانی هەریەک لە سەرژمێرییەکانی (١٩٧٧، ١٩٨٧) و خەمڵاندنی ساڵی (٢٠٠٢) و ڕوپێویی کشتوکاڵیی ساڵی (٢٠١٢)ی گەرمیان و خەمڵاندن و ڕوپێویی خودی توێژەرەران بۆ سەرجەم نشینگەکانی ئیدارەی گەرمیان لەساڵی: (٢٠٢٢)دا وەرگیراون، تاکو تەواوی گۆڕانکاری و دابەشبونەکان بەگوێرەی ڕەهەندەکانی (کات و شوێن) لەناوچەی توێژینەوەدا لێکبدرێنەوە و ڕاڤە و شیکاریی زانستی و بابەتییان بۆبکرێت. لەبەرئەوەی شوێنگەی ناوچەکە گرنگییەکی جیۆپۆلەتیکیی زۆری هەیە و پرۆسە ڕامیاری و دیمۆگرافییەکانی سەدەی ڕابردو شوێنەوار و لێکەوتەی دیاریان هەبوە، تەنانەت بەشێکی زۆری کاریگەرییەکان تاکو ئەمڕۆ بەردەوامییان هەیە. ڕێچکە و ڕێبازی توێژینەوەکە؛ زیاتر (ڕێبازی چەندێتی)ەو میتۆدی (پەسنی_شیکاری، هەڵنجاندن)ی تێدا بەکارهاتوە. کێشەی توێژینەوەکە لە تێکچونی هاوسەنگیی دابەشبونی دانیشتوان (لە هەردو ئاستی شوێن و کات)دا خۆیدەبینێتەوە، دەرکەوتوە: دانیشتوان؛ لەماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانکارییەکی قەبارەیی بەرچاوی بەسەردا هاتوە، بەجۆرێک تەنیا لە (86910 کەس) لەساڵی (1977)ەوە، بۆ (327071) کەس لەساڵی (2022) زیادیکردوە، واتە گۆڕانی ڕەها (240161) کەس بوە، تەنانەت تایبەتمەندییەکانی دابەشبونیان بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەیەکی نەرێنییان وەرگرتوە، بەوەی (هاوسەنگیی دابەشبونی ژینگەیی و دابەشبونی شوێنی و قەبارەیی)ان بەتەواوی تێکچون،

گرنگیی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەوەدایە، دەسەلاتی کارگێڕیی ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای سلێمانی، دەتوانن هەست بە مەترسییەکانی تێکچونی دابەشبونی دانیشتوان بکەن و سنورێک بۆ ئاراستە نەرێنییەکانی دابنێن و پلان بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی دانیشتوانی دابڕێژنەوە.

**کلیلەوشەکان**: دانیشتوان، جیۆدیمۆگرافی، دابەشبونی دانیشتوان، ئیدارەی گەرمیان.

## پێشەکی:

دانیشتوان و تایبەتمەندیی دابەشبونیان؛ پەیوەندییەکی دو جەمسەریی (هۆکار و ئەنجام)یان بە پەرەپێدان و نیشاندەرەکانییەوە هەیە، هەرچەندە بەشێکی زۆری شارەزایان تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان (گەشەکردن، دابەشبون)یان بە دەرئەنجامی پێواژۆی پەرەپێدان و جۆری بەڕێوەبردن و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ژینگەوە دەبەستنەوە، بەلام لەهەمان کاتدا هەریەک لەم تایبەتمەندییانە دواجار کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر نیشاندەرە جیاوازەکانی پەرەپێدان دەبێت، لەمەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تێهەلکێشییەکی یەکجار تۆکمە و ڕاستەوانە لەنێوان هەردوکیاندا هەیە. لە کۆمەلگەی ولاتانی جیهانی سێیەم (ولاتانی دواکەوتو)دا بەهۆی نەبونی پلانی پەرەپێدانەوە، بەردەوام ئامارەکانی گەشەی دانیشتوان بەرزن و ناڕێکییەکی دیار لە دابەشبونی دانیشتوانیاندا بەدیدەکرێت، هاوکات نیشاندەرە (ئابوری، کۆمەلایەتی، تەندروستی و پەروەردەیی)ەکان لە دۆخێکی خراپدان، بەپێچەوانەوە لەولاتانی پێشکەوتودا ئەم ئاماژانە بەدیناکرێن، لەبەرئەوەی بۆشایی کارگێڕی و سیاسی و کۆمەلایەتی، لەم ولاتانەدا بونیان نییە و تەواوی کاروبار و چالاکییەکان بەگوێرەی یاسا و لەبەر ڕۆشنایی ئامانج و مەبەستەکانی پلانی ستراتیژیی و فەلسەفەی کارگێڕییدا ڕێکخراون. توێژینەوەکە، هەولێکە بۆ خستنەڕوی کەتواری دانیشتوان و تایبەتمەندیی گەشەکردن و دابەشبونیان بەسەر جوگرافیای ناوچەی توێژینەوەدا.

**کێشەی توێژینەوەکە**: کێشەی توێژینەوەکە؛ بریتیە لە: (تێکچونی هاوسەنگیی دابەشبونی دانیشتوان بەسەر جوگرافیای ئیدارەی گەرمیاندا)، پرسیارە گرنگەکانی کێشەی توێژینەوەکە بریتین لە:

- ئایا بە تێپەڕبونی کات، "بایەخ و گرنگیی بەشە جیاوازەکانی جوگرافیای ناوچەی توێژینەوە بۆ دانیشتوانەکەی" گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە؟
- گەشەکردنی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەماوەکانی توێژینەوەکەدا، چ ئاراستەیەکیان وەرگرتوە؟
- ئایا دابەشبونی دانیشتوان لەناوچەی توێژینەوەدا دابەشبونێکی هاوسەنگی هەیە، یاخود نابەرانبەریی مەودا فراوان لەنێوان بەشە کارگێڕییەکانیدا بونی هەیە؟

ـ ڕەنگدانەوەی "کاریگەرییەکانی تێکچونی هاوسەنگیی دانیشتوان" لەسەر شێوازی دابەشبونی دانیشتوان چۆنبوە؟

**گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

ـ لەماوەکانی نێوان سەرژمێری و خەملاندنەکاندا؛ ناوەندی چڕی و کۆبونەوەی دانیشتوان گۆڕانیان بەسەردا هاتوە.

ـ بەتێپەڕبونی کات نابەرانبەریی بەرچاو لە ڕێژەکانی گەشەکردنی دانیشتوان بەگشتی و گەشەی (شارنشین و دێنشین)دا دەبینرێت.

ـ بونی بەشێک لە شارە گرنگەکانی سنوری ناوچەی توێژینەوە، ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەر چڕیی دابەشبونی دانیشتوانی قەزا و ناحییەکان دەبێت، بەتایبەت شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەکە.

ـ شێوازی دابەشبونی دانیشتوان شێوازێکی کۆبوەوە وەردەگرێت.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ـ خستەڕوی کەتوار (واقع)ی جیۆدیمۆگۆافیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان.

ـ نیشاندانی ئەو تێکچونەی بەسەر دابەشبونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتوە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

ـ زانین و ئاشنابون بە گرفتە جیۆدیمۆگرافییەکان؛ دەبنە سەرەتایەک بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

ـ بەرپرسانی کارگێڕیی و کاربەدەستانی حکومەت دەتوانن سود لە ئەنجامی توێژینەوەکە وەربگرن و چارەسەر و پلانی گونجاو بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیی دابەشبونی دانیشتوان دابڕێژنەوە.

ـ توێژینەوەکە دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ ئەنجامدانی چەندان توێژینەوەی تر، هەمو ئەم هەوڵە زانستییانە دواجار سەرەداوی چارەسەری گرفتەکان بە ناوەندە ئەکادیمییەکان و بەرپرسانی حکومی دەبەخشن.

**پەیکەربەندی توێژینەوەکە:**


بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە بابەتییانەی توێژینەوەکەی لەسەر بنیاتنراوە، توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەری گرنگ دابەشکراوە: یەکەم: جیۆدیمۆگرافی (گۆڕانکارییە دانیشتوانییەکان) لەماوەی سالانی (1977-2022) دوەم: گەشەی دانیشتوان 2-1- گەشەی دانیشتوانی شارنشین ودێنشین سێیەم: دابەشبونی دانیشتوان

1.3ـ دابەشبونی شوێنیی دانیشتوان ٣ـ ٢ـ دابەشبونی قەبارەیی دانیشتوان ٣ـ ٣ـ شێوازی دابەشبونی دانیشتوان ٣ـ ٤ـ دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان

## سنورەكانی توێژینەوە:

**سنوری شوێنی:** ئـیدارەی گەرمیان؛ لــەڕوی شوێنی ئەستڕۆنۆمیەوە لە نێـوان بازنەكانی پانیـی ("33 '15 °34 -"05 '11 °35) ی باكوری گۆی زەوی‌و هێڵەكانی درێژیی ("41 '29 °44 -"20 '54 °45)ی ڕۆژهەڵات هەڵكەوتوە، بڕوانە نەخشەی (1). لەڕوی شوێنی جوگرافییەوە: دەكەوێتە باشوری پارێزگای سلێمانی‌و باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی كوردستانەوە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیەوە لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی ئێران هاوسنورە، لە باشورەوە پارێزگای دیالە، لە بەشی ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاواوە پارێزگای سەلاحەدین دەنوێنێت، لە باكوری خۆر ئاوایشەوە لەگەڵ پارێزگای كەركوك هاوسنورە.

نەخشەی (١): "شوێنگەی جوگرافی و ئەستڕۆنۆمیی" و "نەخشەی كارگێڕیی ئیدارەی گەرمیان"، بۆساڵی ٢٠٢٢




سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەرێم، بەشی GIS، داتایی بڵاونەكراوە،٢٠٢٢.

**سنوری كاتی:** ساڵی (١٩٧٧) ساڵی بنەڕەتیی توێژینەوەكەیە، ساڵی (٢٠٢٢) ساڵی دۆزینەوەی ئەنجامی توێژینەوەكەیە، هەروەها ساڵەكانی نێوان (ساڵی بنەڕەت وساڵی ئامانج) وەک بەراورد لە گۆڕانكارییەكاندا سودیان لێوەردەگیرێت.

**سنوری بابەتی:** سنوری بابەتیی توێژینەوەکە؛ جوگرافیای دانیشتوانە، تەوەر و بڕگەکانی بریتین لە (جیۆدیمۆرافی، دابەشبونی دانیشتوان).

## تەوەری یەکەم: جیۆدیمۆگرافی (گۆڕانکارییە دانیشتوانییەکان) لەماوەی ساڵانی (1977-2022)

جیۆدیمۆگرافی (Geodemography)؛ بوارێکە لە ڕێگەیەوە هەوڵی خستنەڕوی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو بەگوێرەی "ڕەهەندی کات" دەدرێت، بەجۆرێک دەیەوێت تەواوی ئەو گۆڕانکارییە چەندێتی و چۆنێتییانەی ڕویانداوە، لەڕوی هەریەک لە (ئاراستە و لێکەوتەکانیەوە) بخاتەڕو، کەواتە پرۆسەیەکی گشتگیرە، تەنانەت ئەو گۆڕانکارییانەش بەسەر دابەشبونی شوێنیی دانیشتوان و ئاراستەکانی فراوانبونی ئاوەدانیەکاندا دێت، دیارییاندەکات، دەتوانین بە کورتترین دەربڕین گوزارشتی لێبکەین، بەوەی؛ ئامرازێکە لەڕێگەیەوە "ڕێڕەوی کاتی"ی پێشکەوتنی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو بەرجەستەدەکات (دیاب، 2٠10: 231).

لە ڕوی ئامارییەوە؛ دانیشتوان لە کۆمەڵێک تاک پێکهاتوە، کە بە پێوەری قەبارە هەژمارکراون، بەڵام هەریەک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە بەگوێرەی تایبەتمەندییە جیاوازەکان خاوەنی بەهای جۆراوجۆری ترن، بە دەربڕینێکی تر؛ دەتوانرێت دانیشتوان لە هەمو کاتێکدا وەک پێکهاتو لە کۆمەڵێک تاک سەیربکرێت، ئەم کۆمەڵەیە بەگوێرەی تایبەتمەندییە دیاریکراوەکان خاوەنی بەهای فرەجۆرن، بۆیە تایبەتمەندیی سەرەکیی دانیشتوان بریتییە لە قەبارەکەی (ژمارەی تاکەکانی). ئەوەی زۆر گرنگە بزانرێت، ئەوەیە؛ دانیشتوانی مرۆڤ (کۆمەڵگەی مرۆیی) بەگوێرەی ڕەهەندی "کات" جێگیرنییە، بەڵکو بەردەوام لەگۆڕاندایە. سەرەکیترین ئەرکی شیکاریی دیمۆگرافی، ئەوەیە؛ لە میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ئەو "گۆڕانکاری"یە بکۆڵێتەوە (Caselli & other; 1).

خشتەی (1)؛ گۆڕانکارییە قەبارەییەکانی ناوچەی توێژینەوەی خستۆتەڕو، ئەوەی لە خشتەکەوە دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە کە بە تێپەڕبونی کات قەبارەی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان زیادیکردوە، واتە گۆڕانێکی ئەرێنی (Positive Change) ڕویداوە، ئەمەش زیندوێتی و ژیانئامێزی (Livability)ی ناوچەکە دەردەخات، بەجۆرێک قەبارەی دانیشتوان تەنیا لە (86910 کەس) لەساڵی (1977)ەوە، بۆ (327071) کەس لەساڵی (2022) زیادیکردوە، واتە گۆڕانی ڕەها (240161) کەس بوە. گۆڕانکارییەکان بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکان بەهەمان بڕ ڕویاننەداوە، بەڵکو نابەرانبەریی تێدا بەدیدەکرێت، وەک ئەوەی لە خشتەکەدا دەبینرێت، کۆی دانیشتوانی قەزای خانەقین لەماوەی ساڵانی (1977–2022)دا لە (13973) کەسەوە بۆ (17091) کەس زیادیکردوە، واتە کەمتر لە هێندە و نیوێک بوەتەوە، دانیشتوانی ئەم قەزایە لە سەرژمێریی

ساڵی (١٩٧٧)دا زیاتر لە (١٦%)ی کۆی گشتیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێنابو، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٢)دا بۆ (٥,٢%) کەمیکردوە. هەروەها دانیشتوانی قەزای کفری لە (30599) کەسەوە بۆ (70899) کەس زیادیکردوە، بەمەش زیاتر لە دو هێندە بوەتەوە، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانەکەی لە (٣٥,٢%)ەوە بۆ (٢١,٧%)ی دانیشتوانی ئیدارەکە دابەزیوە.

دانیشتوانی قەزای کەلار (ناوەندی ئیدارەکە) لە (42338) کەسەوە بۆ (239081) کەس گۆڕاوە، کەواتە نزیکەی شەش هێندە زیادیکردوە. تەنانەت "ڕێژەی پیکهێنانی دانیشتوانی قەزاکە لەکۆی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان" لە (٤٨,٧%)ەوە بۆ (٧٣,١%) زیادیکردوە.

خشتەی (1)؛ گۆڕانکارییە دانیشتوانییەکانی ئیدارەی گەرمیان، لەماوەی ساڵانی (1977-2022)

| قەزا | ناحیە | 1977 | | 1987 | | 2002 | | 2012 | | 2022 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەلار | ناوەند | 18540 | ٤٣,٨ | 26406 | ٤٥,٣ | 97920 | ٧٤,٦ | 135890 | ٧٥,٥ | 181409 | ٧٥,٩ |
| | ڕزگاری | 12556 | ٢٩,٧ | 15883 | ٢٧,٢ | 26007 | ١٩,٨ | 34581 | ١٩,٢ | 46057 | ١٩,٣ |
| | پێباز | 11242 | ٢٦,٦ | 16012 | ٢٧,٥ | 7377 | ٥,٦ | 7082 | ٣,٩ | 8989 | ٣,٨ |
| | شێخ تەویل | --(*) | - | -- | - | -- | - | 2378 | ١,٣ | 2626 | ١,١ |
| | کۆی قەزا | 42338 | ١٠٠ | 58301 | ١٠٠ | 131304 | ١٠٠ | 179931 | ١٠٠ | 239081 | ١٠٠ |
| | (%)ی ئیدارەی گەرمیان | | ٤٨,٧ | ٥٢ | | ٧٤,٧ | | ٧٤,٧ | | ٧٣,١ | |
| کفری | ناوەند | 11080 | ٣٦,٢ | 13774 | ٣٦,٢ | 21678 | ٦٢,٢ | 31747 | ٦٥,٤ | 42285 | ٥٩,٦ |
| | سەرقەڵا | 6726 | ٢٢ | 8361 | ٢٢ | 5323 | ١٥,٣ | 6920 | ١٤,٣ | 7918 | ١١,٢ |
| | کۆکس | 8320 | ٢٧,٢ | 10343 | ٢٧,٢ | 5552 | ١٥,٩ | 7216 | ١٤,٩ | 17395 | ٢٤,٥ |
| | ئاوەسپی | -- (**) | - | -- | - | 774 | ٢,٢ | 891 | ١,٨ | 1031 | ١,٥ |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەوجول | 4473 | ١٤,٦ | 5560 | ١٤,٦ | 1551 | ٤,٤ | 1733 | ٣,٦ | 2270 | ٣,٢ |
| | کۆی قەزا | 30599 | ١٠٠ | 38038 | ١٠٠ | 34878 | ١٠٠ | 48507 | ١٠٠ | 70899 | ١٠٠ |
| | (%)ی ئیدارەی گەرمیان | | ٣٥,٢ | ٣٤ | | ١٩,٨ | | ٢٠,١ | | ٢١,٧ | |
| خانەقین | مەیدان | 7025 | ٥٠,٣ | 7837 | ٥٠,٣ | 4724 | ٤٩ | 5910 | ٤٧,٥ | 4928 | ٢٨,٨ |
| خانەقین | قۆرەتو | 6948 | ٤٩,٧ | 7751 | ٤٩,٧ | 4925 | ٥١ | 6539 | ٥٢,٥ | 12163 | ٧١,٢ |
| خانەقین | کۆی قەزا | 13973 | ١٠٠ | 15588 | ١٠٠ | 9649 | ١٠٠ | 12449 | ١٠٠ | 17091 | ١٠٠ |
| خانەقین | (%)ی ئیدارەی گەرمیان | | ١٦,١ | ١٤ | | ٥,٥ | | ٥,٢ | | ٥,٢ | |
| ئیدارەی گەرمیان | | 86910 | ١٠٠ | 111927 | ١٠٠ | 175831 | ١٠٠ | 240887 | ١٠٠ | ٣٢7071 | ١٠٠ |

سەرچاوە:


1- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩77، لمحافظة السليمانية وديالى وكركوك.

2- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩87، لمحافظة السليمانية وديالى وكركوك.

3- حكومة إقليم كوردستان، وزارة التخطيط, مديرية إحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة 2002.

4- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری گەرمیان، ڕوپێویی کشتوکاڵیی دێیەکانی گەرمیان بۆ ساڵی (2012)، داتای بڵاونەکراوە.

5- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی 2009.

6- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی دیمۆگرافیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، بەگوێرەی ئەنجامی پرۆسەیی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی تاساڵی (2009-2020)، ساڵی 2019.


(*): لە سەرژمێریی ساڵانی (1977 و1987 و2002) دا، هێشتا ناحیەی شێخ تەویل دروست نەبوە، سەرجەم دانیشتوانەکەی لەگەڵ ناحیەی (پێباز)دا هەژمارکراون. : بەهەمان شێوە، لە سەرژمێرییەکانی ساڵانی (1977 و 1987)دا، هێشتا ناحیەی ئاوەسپی دروستنەبوە.

ئەم ئاراستانە دەریدەخەن، لەم (45) ساڵەدا، شوێنی "قەزای کەلار" بە بەراورد بە قەزاکانی تر بەها و گرنگییەکی زیاتری هەبوە و بوەتە جێی سەرنجی زۆرینەی دانیشتوانەکەی، بەشێکی هۆکارەکان ڕامیارین، بۆ پێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ڕوخانی ڕژێمی بەعس دەگەڕێنەوە، کە لەماوەی جەنگی (عێراق-ئێران)دا بەشێکی زۆری دێیەکانی سنوری قەزای خانەقین چوڵکران و لە سنوری قەزای کەلار نیشتەجێکران، بەشێکی تری دێیەکانی سنوری قەزای کفری و تەنانەت قەزای کەلاریش، لەسەروبەندی ڕاگواستنی دانیشتوانی دێیەکانی کوردستاندا بۆ ناوچە تەختاییەکان ڕاگوێزران، بەبیانوی دروستکردنی نشینگەی

هاوچەرخ (المستوطنة المعاصرة) و بونی مەترسیی هێزەکانی پێشمەرگەوە، کە دژی ئەو ڕژێمە دەجەنگان، ئەوەبو لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێکران، ئۆردوگای (صمود)؛ کە دەکاتە شاری (ڕزگاری)، بەرهەمی ئەو ڕاگواستنە بو، ئێستا بوەتە نشینگەیەکی شاری و ناوەندی یەکێک لە ناحیە پڕ دانیشتوانەکانی قەزای کەلاری پێکهێناوە. هەروەها بەشێکی تری هۆکارەکان ژینگەین و پەیوەندییان بە گۆڕانی ئاووهەواو و کەمبونەوەی بارانبارین و وشکبونی زۆرینەی کانیاو و سەرچاوەکانی ئاوەوە هەیە، بۆیە زۆرینەی دێیەکان لەبەرئەوەی بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە سەقاڵبون، بەهۆی نەمانی سەرچاوەی بژێوییانەوە ڕوەو شارەکان کۆچیانکرد و دێیەکانیان چۆڵکرد. بەشێکی تری هۆکارەکان بۆ سیاسەتی ئابوریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە، ئەوەبو بەتەواوی کەرتی کشتوکاڵی فەرامۆشکرا، لەبەرانبەردا گرنگییەکی زۆر بە کەرتی خزمەتگوزاری و وزە و سامانە سروشتییەکان دراوە، بۆیە باشترین و گونجاوترین شوێنی ئیدارەی گەرمیان بۆ ئەوەی لێشاوی ئەو دانیشتوانە لەخۆبگرێت، قەزای ناوەندی ئیدارەکە بوە، وەک دەبینین زۆرینەی دانیشتوانەکەی تێدا نیشتەجێبوە.

### تەوەری دوەم: گەشەی دانیشتوان

قەبارە، تەنانەت خەسڵەتە جۆرییەکانی تری دانیشتوان؛ لەهیچ کام لە کۆمەڵگە و دەوڵەتاندا بەجێگیری (نەگۆڕی) نامێننەوە، بەڵکو ڕەنگە بە ئاراستەی "زیادبون" یاخود "کەمبون" بگۆڕێن، ئەوەی جێگەی تێبینییە، ئەوەیە؛ لەسەر ئاستی "شوێن" واتە بەگوێرەی گۆڕینی شوێن لەنێوان بەشە جیاوازەکانی سەرڕوی زەویدا، ئەم ڕێژەیە یەکسان نابێت، کەواتە نابەرانبەرییەکانی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بۆ هۆکارگەلی (کۆمەلایەتی و ئابوری) دەگەڕێنەوە (البياتي، 2011: 19).

گەشەی دانیشتوانی لەناوچەی توێژینەوە؛ لە خشتەی (2)دا خراوەتەڕو، **ماوەی یەکەمی** گەشەکردن (1977–1987)، ماوەیەکی دژوار و پڕ لە کێشەی سیاسی بو، لەو ماوەیەدا ڕوبەڕوبونەوەی نێوان (هێزەکانی پێشمەرگە–حکومەتی عێراق) و جەنگی (عێراق–ئێران) بەردەوامیان هەبو، واتە سەقامگیری سیاسیی تێدانەبوە، ناوچەی توێژینەوەش ناوچەی بەریەککەوتن و نزیکترین ناوچەی هەرێمی کوردستان بوە لە سنوری دەسەلاتی حکومەتی عێراقیەوە، هەروەها ڕاستەوخۆ سنوری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە، ئەم ناسەقامگیرییە ڕۆڵی دیاری لە گەشەی دانیشتواندا بینیوە، بەجۆرێک کەمترین گەشەی دانیشتوانیی ماوەی توێژینەوەکەی بەڕێژەی (2.56%) تێدا تۆمارکراوە. **ماوەی دوەم** (1987–2002) تاڕادەیەک لەڕوی سیاسیەوە بە بەراورد بە ماوەی یەکەم ئاڵۆزییەکی کەمتری هەبوە، لەم ماوەیەدا جەنگی (عێراق–ئێران)

کۆتاییدێت و هێڵی پارێزراوی نێودەوڵەتی دادەنرێت، دواتریش حکومەتی هەیم پێکدەهێنرێت، بۆیە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بۆ (3.06%) زیادیکردوە. زۆرترین ڕێژەی گەشە لە **ماوەی سێیەم** (2002–2012)دا بەڕێژەی (3.2%) تۆمارکراوە، لەم ماوەیەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا دەهێنرێت، عێراقێکی فیدراڵ پێکدەهێنرێت، ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەڕوی ئاسایشەوە زۆر لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق پارێزراوتربون، هەروەها لەڕوی بارودۆخی دارایی و ئابورییشەوە باشترین قۆناغ بوە، هەمو ئەم هۆکارانە لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی گەشەدا ڕۆڵیان هەبوە. بەڵام لە **ماوەی چوارم** (2012–2022)دا، جارێکی تر ڕێژەی گەشە بۆ (3.11%) کەمدەکات، هۆکارەکەشی بۆ ڕودانی قەیرانی دارایی و نەمانی سەقامگیریی سیاسی "بەهۆی هاتنی گروپی تیرۆرستیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ـەوە" دەگەڕێتەوە، بەمەش دڵنیایی دانیشتوان لەچاو قۆناغی پێشتردا کەمبویەوە، سەرئەنجام ڕێژەی گەشەی کەمکردەوە.

خشتەی (2): گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان لەماوەی ساڵانی (1977–2022)

| زانیارییەکان / ساڵ | دانیشتوان | | گەشەی ساڵانە [1] | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | زیادبونی ڕەها | ماوەی گەشە | ڕێژەی گەشە% |
| 1977 | 86910 | – | – | – |
| 1987 | 111927 | 25017 | 1987–1977 | 2.56 |
| 2002 | 175831 | 63904 | 2002–1987 | 3.06 |
| 2012 | 240887 | 65056 | 2012–2002 | 3.2 |
| 2022 | 327071 | 86184 | 2022–2012 | 3.11 |
| کــــــۆ | | 240161 | 2022–1977 | 2.99 |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (1)، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی (ڕێژەی گەشە)ی ساڵانەی دانیشتوان.

لە هەمو ماوەی توێژینەوەکەدا (1977–2022)، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بریتیبوە لە (2.99%)، واتە لە "سێ ماوەی کۆتایی" و "هەمو ماوەی توێژینەوەکە بەگشتی"، تاڕادەیەک ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بە نیمچە جێگیری و لە دەوروبەری (3%) دا ماوەتەوە.

## 1-2- گەشەی دانیشتوانی شارنشین ودێنشین

گەشەی دانیشتوان بەگوێرەی ژینگەکانی نیشتەجێبون چونیەک نییە، بۆئەوەی بزانین: (ئایا گەشەی هەریەکەیان لەگەڵ ئەویتردا وەک یەک و هاوسەنگە؟، یاخود نابەرانبەری لە ڕێژەکەیاندا هەیە؟، ئەگەر هەیە مەودای نابەرانبەرییەکە چەندە؟)، وەڵامی ئەم پرسیارانە گرنگن، چونکە بونی کەلێن و مەودای گەورە لەنێوانیادا، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیان و نیشاندەری پەرەپێدانی مرۆیی دەبێت، پەیپێچەوانە نزیکییان لەگەڵ یەکتر و کەمیی مەودایان کاریگەریی ئەرێنی دروستدەکەن.

هەریەک لە خشتەی (3) و شێوەی (3)؛ گەشەی ژینگەیی دانیشتوانیان نیشانداوە، زۆرترین ڕێژەی شارنشینی لەماوەی یەکەمدا بەڕێژەی نزیکەی (10.5%) زیادیکروە، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە، بێگومان دۆخی سیاسیی ئەو ماوەیە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە، بەوەی بەشێکی زۆری دێنشینان بەناچاری ڕویان لەشارەکان کردوە، لە ماوەی دوەمیشدا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بریتیبوە لە نزیکەی (6%)، کە ئەمەش دیسان ڕێژەیەکی بەرزە، بێگومان بەرزیی شارنشینی لەم دو ماوەیەدا وایانکردوە گەشەی دێنشینی نەرێنی بێت، بۆیە ئەنجامیان بە سالب دەرچوە، کەمترینیان لەماوەی دوەم (1987–2002)دا بە ڕێژەی (–3.6) کەمیکردوە، بەگشتی لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکە (1977–2022)دا جارێکی تر شارنشینی بەڕێژەی زیاتر لە (5،5%) زیادیکردوە، لە بەرانبەردا دێنشینی بەڕێژەی نزیکەی (–0،5%) کەمیکردوە.


خشتەی (3): گەشەی شارنشین و دێنشینی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان، لەماوەی ساڵانی (1977–2022)

| زانیاری / ماوەی گەشە | ڕێژەی گەشەی ژینگەیی (%) | |
|---|---|---|
| | شارنشین | دێنشین |
| 1977–1987 | 10.42 | 2.46- |
| 1987–2002 | 5.91 | 3.6- |
| 2002–2012 | 3.36 | 2.31 |
| 2012–2022 | 2.98 | 3.78 |
| 1977–2022 | 5.66 | 0.44- |

سەرچاوە: زانیارییەکانی خشتەی (1)، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی (ڕێژەی گەشە)ی ساڵانەی دانیشتوان.

ئەوەی زۆر گرنگ و جێی تێڕامانە و لە شێوەی (٣)دا دەبینرێت، ئەوەیە؛ لەماوەی گەشەی (2012–2022)دا، گەشەی دێنشینی لەگەشەی شارنشینی زیاتربوە، ئەم دۆخە تاڕادەیەک شیاوی هەڵوێستە لەسەرکردنە، هۆکارەکان تیهەڵکێش و تاڕادەیەک دژیەکن، دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتیانبکەینەوە:

شێوەی (3): ئاراستەکانی گەشەی ژینگەیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان لەماوەی ساڵانی (1977–2022)




| | 1977-1987 | 1987-2002 | 2002-2012 | 2012-2022 | 1977-2022 |
|---|---|---|---|---|---|
| شارنشین | 10.42 | 5.91 | 3.36 | 2.98 | 5.66 |
| دێنشین | -2.46 | -3.6 | 2.31 | 3.78 | -0.44 |

سەرچاوە: کاری توێژەر؛ بە پشتبەتن بە زانیارییەکانی خشتەی (3).

ـ نەبونی داتا و ژمارەی ڕاست و دروست لە شارەکاندا، لەدوای ساڵی (2009)وە بۆ هەمو شارەکان بێ جیاوازی بەگوێرەی ڕێژەی گەشەی (3%) و قەبارەی دانیشتوانی هەر شارێک ساڵانە "ژمارەکی خەیاڵی و ناڕاست" بۆ دانیشتوانیان زیادکراوە، ڕەنگە ئەو ڕێژەیە بۆ هەندێکیان لەڕاستییەوە نزیک بێت، بەڵام بۆ هەندێکی تریان کەمتر یاخود زۆرترە لە کەتواری گەشەی ڕاستەقینەیان.

ـ شارێکی وەک (کەلار)ی ناوەندی ئیدارەکە، ئەگەر ئاماری دروستی هەبێت، ڕێژەی گەشەی زۆر لە (3%) زیاتر دەبێت.

ـ بەشێکی زۆری دانیشتوانی نشینگە شارییەکانی ئیدارەی گەرمیان وەک هەریەک لە (قۆرەتو، ئاوەسپی، نەوجول) ژمارەی دانیشتوانی ساڵی (2012)ەیان لە ساڵی (2022) زیاترە، واتە دانیشتوانیان کەمیکردوە.

ـ بەشێکی دێییەکان، بەتایبەت ئەو دێیانەی دەکەونە نزیک شەقامەکان، یان لەسەر گرێکانی گواستنەوە هەڵکەوتون و دانیشتوانێکی زۆریان تێدا نیشتەجێیە، هاوشێوەی شارەکان زۆر بەخێرایی زیاددەکەن، وەک

هەریەک لە دێیەکانی (ساڵح ئاغا، شێخ لەنگەری سەرو، شێخ لەنگەری خوارو، بەردەسو، گێژەکان، بان ئاسیاو، سەیدە، هتد) بڕوانە خشتەی (4).

- ڕوپێویی مەیدانیی توێژەران بۆ سەرجەم دێیەکان و ئەو شارانەی توانراوە دانیشتوانییان هەژماربکرێن، وایکردوە گەشەی "دێنشینی و تەنانەت شارنشینیی شارە بچوکەکان"یش ڕاستەقینە دەربچن، لەبەرئەوەی داتای ساڵی (2012)ەش لەڕوپێویی کشتوکاڵییەوە وەرگیراوە و داتای ڕاستەقینەن، نەک پێشبینیکراو. لەبەرانبەردا گەشەی شارنشینیی شارە گەورەکان بە داتای پێشبینیکراو هەژمارکراون.

بۆیە سەرئەنجام گەشەی شارە گەورەکان بەنەگۆڕی واتە (3%) ماونەتەوە، بەڵام ئەو شارانەی توانراوە دانیشتوانیان بزانرێت، شارەبچوکەکانن، کە بەشێکیان دانیشتوانیان بەراورد بەساڵی (2012) کەمبونەتەوە، ئەم هۆکارانە پێکەوە ڕۆڵیان لە دروستبونی دۆخی پێچەوانەی گەشە (بەرزیی گەشەی دێنشینی و نزمیی گەشەی شارنشینی) لەماوەی (2012–2022)دا هەبوە.

خشتەی (4): ڕێژەی گەشەی بەشێک لەو دێیانەی کەوتونەتە سەر گرێییەکانی گواستنەوە لە ئیدارەی گەرمیان

| | زانیاری / دێیەکان | 2012 | 2022 | ڕێژەی گەشە (%) |
|---|---|---|---|---|
| | | دانیشتوان | | |
| 1. | شێخ لەنگەری سەرو | 1550 | 7011 | 16.3 |
| 2. | صالح ئاغا | 1595 | 6023 | 14.2 |
| 3. | بەردەسور | 150 | 370 | 9.4 |
| 4. | سەیدە | 750 | 1378 | 6.3 |
| 5. | شێخ لەنگەری خوارو | 558 | 960 | 5.6 |
| 6. | گێژەکان | 419 | 619 | 4 |
| 7. | بان ئاسیاو | 600 | 801 | 2.9 |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی (ڕێژەی گەشە)ی ساڵانەی دانیشتوان.

لەسەر ئاستی قەزاکان، جارێکی تر ناچونیەکی لە گەشەی ژینگەییدا دەبینرێت، وەک لە خشتەی (5)دا دەبینرێت، فراوانی مەودای ناچونیەکییەکە زیاتر لە قەزای کەلاردا هەڵکەوتوە، هەرچەندە لە قەزای خانەقین تەنیا لەماوەی یەکەم (1977–1987)دا مەودایەکی فراوان بەڕێژەی (41%) دەبینرێت، بەڵام تەنیا لەو ماوەیەدایە، بۆیە بەتێکڕای ماوەی توێژینەوەکە (1977–2022) مەودای گەشەی ژینگەیی قەزای کەلار زیاتر

لە (9%) بوە، بۆ هەریەک لە قەزاکانی کفری و خانەقین زیاتر لە (2.5%) بوە، ئەم ئاراستانە دەریدەخەن لە "قەزای کەلار"ی ناوەندی ئیدارەی گەرمیاندا، لەم (45) ساڵەی توێژینەوەکەدا "بەشارییون"ێکی یەکجار زۆر هەبوە، بەدەربڕینێکی تر زۆرینەی شەپۆلی بەشاریبونەکان (کۆچی دێنشینان بۆ شارەکان) بەئاراستەی قەزای کەلار بون.

خشتەی (5): گەشەی ژینگەیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان بەگوێرەی قەزاکان، لەماوەی ساڵانی (1977-2022)

| ماوەی گەشە | کـــــەلار | | کـــفری | | خـــانەقین | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | دێنشین | شارنشین | دێنشین | شارنشین | دێنشین |
| 1987-1977 | 13 | 4.51- | 3.15 | 1.61 | 35 | 5.64- |
| 2002-1987 | 8 | 5.62- | 2.75 | 4.27- | 13.72- | 1 |
| 2012-2002 | 3.27 | 2.07 | 3.86 | 2.29 | 2.83 | 2.56 |
| 2022-2012 | 3 | 0.77 | 3 | 5.63 | 0.38- | 3.53 |
| 2022-1977 | 6.89 | 2.30- | 3.14 | 0.62 | 2.31 | 0.36 |

سەرچاوە: زانیارییەکانی خشتەی (1)، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی (ڕێژەی گەشە)ی ساڵانەی دانیشتوان.

لە تازەترین ماوەی گەشە (2012-2022)دا، گەشەی شارنشینی لە هەریەک لە قەزاکانی کەلار و کفریدا (3%) بوە، هۆکاری ئەم ڕێژەیە بۆ داتاکانی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، کە لەدوای ساڵی (2009)وە، دانیشتوانی هەر قەزایەکی بە ڕێژەی گەشەی (3) خەملاندوە، بۆیە ڕێژەی گەشەکەی بەجێگیری ماوەتەوە، بەڵام لە قەزای خانەقین؛ لەبەرئەوەی تەنیا دو شاری بچوکی تێدایە، لە سەردانی مەیدانیدا توانرا دانیشتوانی ڕاستەقینەی شارەکان بزانرێت، بۆیە دەرکەوت گەشەی شارنشینی بە ڕێژەی (-0.38) کەمیکردوە.

سەبارەت بەگەشەی دێنشینی لەماوەی (2012-2022) دا، کەمترین گەشە لە قەزای کەلار بەڕێژەی (0.77%) تۆمارکراوە، ئەمەش دەریدەخات ئەگەر داتای ڕاستەقینەی شاری کەلارمان هەبوایە ڕێژەی گەشەی شارنشینی زۆر زیاتر لە (3%) دەبو، لە بەرانبەردا زۆرترین گەشەی دێنشینی لە قەزای کفری بەڕێژەی (5.63%) بوە، دیسانەوە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە دەبو گەشەی شارنشینی قەزای کفری کەمتر لە (3%) بوایە. هەروەها لە قەزای خانەقینیشدا گەشەی دێنشینی (3.53%) بوە.

## سێیەم: دابەشبونی دانیشتوان

لەسەر ئاستی جیهان وتەنانەت لە ئاستە لۆکاڵییەکانیشدا؛ دانیشتوان بەشێوەیەکی یەکسان دابەشنابن، واتە "نابەرانبەریی دابەشبون" بەدیدەکرێت، بەشە گەورەکانی گۆی زەوی (جەمسەری باکور و باشور و بیابانەکان)، دانیشتوانیان کەمن، لەبەرئەوەی بارودۆخ و ژیانێکی سەخت و کەم بژاردە بۆ دانیشتوانەکانیان لەڕوی بژێوی و مانەوەوە دابیندەکەن. لە بەرانبەردا ناوچەکانی دیکەی وەک: (ناوچە بەرهەمدارە کشتوکاڵییەکان)، دانیشتوانێکی چڕیان لەخۆگوتوە، تەنانەت لە ئەمریکاشدا بەشێکی گەورەی دەشتاییەکانی ناوەڕاست کەم دانیشتوانن، بەپێچەوانەوە زۆرینەی دانیشتوانەکەی بەدرێژایی کەنارەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات و کەنارەکانی کەنداو هەڵکەوتون. جوگرافیزانان؛ کۆمەڵێک ئامرازیان بۆ پەسنکردنی دابەشبونی دانیشتوان لەبەردەستدایە، باوترینیان بریتییە لە قەبارەی دانیشتوان بۆ ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو (وەک ویلایەتی ئیلینۆیس)، یان ڕێژەی دانیشتوانێک کە لە ناوچەیەکدا دەژین (ڕێژەی دانیشتوانی ئەمریکا لە ویلایەتی ئیلینۆیس)، گرنگترین هەنگاو ئەوەیە بەڕونی "ئەو دانیشتوان و ڕوبەرەی دەمانەوێت پەسنیبکەین" دەستنیشانکراوبێت، وەک: (دانیشتوانی گەڕەکێک، شارێک، ویلایەتێک، یان نەتەوەیەک)، بەجۆرێک ئاماری متمانەپێکراو و مانادار لەبەردەستدا بێت و ئاماژە بە ماوەیەکی دیاریکراوی کات بکرێت ( Newbold, 2014: 59-60).

## 1-3- دابەشبونی شوێنیی دانیشتوان

جوگرافیای ئیدارەی گەرمیان؛ لە سێ قەزا (یازدە ناحیە) پێکهاتوە، بارودۆخی ژینگەی سروشتی و مرۆیی هەمو بەشەکانی ئیدارەکە چونیەک نیین و جیاوازییان هەیە، هەر بۆیە "ئەم ناچونیەکییە" لە پرسی دابەشبونی دانیشتواندا ڕەنگدانەوەی هەبوە، بەوەی هەمو بەشەکان وەک یەک دانیشتوانیان تێدا کۆنەبوەتەوە، بەڵکو ناهاوسەنگی لە دابەشبونیاندا بەدیدەکرێت، ئەگەر لە خشتەی (6) وردبینەوە، زۆر بەڕونی نابەرانبەریی دابەشبونی شوێنیی دانیشتوانمان بەگوێرەی قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان بۆ دەردەکەوێت. بەوەی چڕیی نیشتەجێبون لە هەریەک لە قەزاکاندا وەک یەک نین و مەودایەکی فراوان لەنێوانیاندا دەبینرێت، بەجۆرێک لە قەزای کەلاردا چڕیی نیشتەجێبون لە (142کەس/کم$^2$) زیاترە، لە قەزای کفری بۆ (24.9کەس/کم$^2$) کەمدەبێتەوە، تەنانەت لە قەزای خانەقین بۆ نزیکەی تەنیا (12کەس/کم$^2$) دادەبەزێت، ئەم ئاماژانە؛ دەریدەخەن دابەشبونی دانیشتوان بەگوێرەی قەزاکان نەک هەر هاوسەنگ نییە، بەڵکو "ناهاوسەنگییەکە" زۆر نابەرانبەرە و مەودایەکی یەکجار زۆر لە چڕیی نیشتەجێبونیاندا بونی هەیە، بۆیە ئەگەر لە نەخشەی (2) بڕوانین، بەتەواوی تێکچونی دابەشبونی شوێنیی دانیشتوان دەردەکەوێت،


بەوەی قەزای کەلار زۆرترین خاڵی دانیشتوانی تێدا کۆبوەتەوە، دواتر هەریەک لە قەزاکانی کفری و خانەقین بەدوای یەکدا خاڵەکانیان بەئاراستەی کەمبونەوە دەچن.

خشتەی (6): دابەشبونی شوێنی و چڕیی نیشتەجێبونی دانیشتوان، بەگوێرەی قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان، بۆ ساڵی (2022)

| یەکەی کارگێڕی | ڕوبەر (کم$^2$) | ژ. دانیشتوان | چڕیی نیشتەجێبون(کەس/کم$^2$) |
|---|---|---|---|
| قەزای کەلار | 1681.2 | 239081 | 142.2 |
| قەزای کفری | 2878 | 70899 | 24.9 |
| قەزای خانەقین | 1441.9 | 17091 | 11.8 |
| ئیدارەی گەرمیان | 6001.1 | 327071 | 54.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (1) و ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی ڕوبەری هەریەک لە قەزاکان بەگوێرەی پرۆگرامی (ArcMap10.8.2). چڕیی نیشتەجێبون لە ئەنجامی (دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوانی هەر قەزایەک بەسەر ڕوبەر)ەکەیدا دەرهێنراوە.

نەخشەی (2): دابەشبونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەسەرئاستی قەزاکان، بۆساڵی 2022




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (5).

نابەرانبەرییەکانی دابەشبونی شوێنیی دانیشتوان، لەسەر ئاستی ناحییەکان قوڵتردەبنەوە، وەک خشتەی (7)دا خراوەتەڕو، هەریەک لە ناحیەکانی (ناوەندی کفری و ناوەندی کەلار) زۆرترین دانیشتوانیان تێدا کۆبوەتەوە، بەجۆرێک چڕیی نیشتەجێبونیان بریتین لە (620کەس/کم$^2$ و 562.2کەس/کم$^2$)، هۆکارەکان بۆ بچوکیی ڕوبەری ناحیەکان و بونی هەریەک لەشارەکانی (کفری و کەلار) دەگەڕێنەوە، لەبەرئەوەی ڕوبەری هەریەک ناحیەی ناوەندی کفری تەنیا (68کم$^2$) و ناحیەی ناوەندی کەلار (322کم$^2$)ن، واتە بچوکترین ناحیەکانیان لەڕوی ڕوبەرەوە پێکهێناوە، جگەلەوەی دو مەڵبەندی گرنگی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارین لە ئیدارەکەدا، شاری کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە و زۆرترین خزمەتگوزاریی کارگێڕی و خۆشگوزەرانیی تێدا چڕکراوەتەوە، هەروەها بەهۆی نەبونی ناوەندێکی جێگیر بۆ هەریەک لە ناحیەکانی (مەیدان وقۆرەتو)، بەشێکی کاروبار و خزمەتگوزارییەکانی ئەو قەزایە لە کەلارەوە جێبەجێدەکرێن، هاوکات شاری کفریش کۆنترین شاری ناوچەکەیە و دوەم مەڵبەندی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە، دواتر ناحیەی ڕزگاری بە (87.2کەس/کم$^2$) لەڕێزبەندی سێیەمی چڕیدا دەبینرێت، هەرچەندە شارێکی نوێیە، بەڵام

گەشەیەكی خێرای هەیە و بەشێكی زۆری دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی لەخۆگرتوە. كەمترین چڕیی نیشتەجێبون لە ناحیەی ئاوەسپی بە تەنیا (1.5كەس/كم$^2$) دەبینرێت، هۆكارەكەی جگە لە گەورەیی ڕوبەرەكەی بۆ كەمیی دانیشتوانی "ناوەندی ناحیەكە" دەگەڕێتەوە، كە تەنیا (68) كەسن.


خشتەی (7): چڕیی نیشتەجێبون، بەگوێرەی ناحیەكانی ئیدارەی گەرمیان، بۆ ساڵی (2022)

| قەزا | ناحیە | ڕوبەر (كم$^2$) | ژمارەی دانیشتوان | چڕیی نیشتەجێبون (كەس/كم$^2$) |
|---|---|---|---|---|
| كـەلار | ناوەندی كەلار | 322.7 | 181409 | 562.2 |
| | ڕزگاری | 528.3 | 46057 | 87.2 |
| | پێباز | 329.3 | 8989 | 27.3 |
| | شێخ تەویل | 500.9 | 2626 | 5.2 |
| كفری | ناوەندی كفری | 68.2 | 42285 | 620 |
| | سەرقەڵا | 648 | 7918 | 12.2 |
| | كۆكس | 491.3 | 17395 | 35.4 |
| | ئاوەسپی | 693.5 | 1031 | 1.5 |
| | نەوجول | 977 | 2270 | 2.3 |
| خانەقین | مەیدان | 559.5 | 4928 | 8.8 |
| | قۆرەتو | 882.4 | 12163 | 13.8 |
| ئیدارەی گەرمیان | | 6001.1 | 327071 | 54.5 |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەكانی خشتەی (1) و ئەنجامە بەدەستهاتوەكانی ڕوبەری هەریەك لە قەزاكان بەگوێرەی پرۆگرامی (ArcMap10.8.2). چڕیی نیشتەجێبون لە ئەنجامی (دابەشكردنی ژمارەی دانیشتوانی هەر قەزایەك بەسەر ڕوبەر)ەكەیدا دەرهێنراوە.

نەخشەی (3)، دابەشبونە شوێنییەكەی زیاتر نیشانداوە، زۆرترین دانیشتوان لەدەوری مەڵبەندە كارگێڕی و خزمەتگوزارییەكان كۆبونەتەوە، ئەمەش لاوازیی ئاستی پلاندانان و دابەشكاریی خزمەتگوزارییەكان دەردەخات، بەوەی تاكو ئێستاش نەتوانراوە ناوەندێتی (مەركەزیەت)ی دابەشكاریی دەسەڵات و ئاسانكارییەكانی ژیان تێبپەڕێنرێت.

نەخشەی (3): دابەشبونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەسەرئاستی ناحیەکان، بۆساڵی 2022




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (6).

واتە بەشەکانی "ناوەڕاست، تاڕادەیەک باشوری ناوچەی توێژینەوە" زۆرترین دانیشتوانیان لەخۆگرتوە، لە بەرانبەردا بەشەکانی باکور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات کەمترین دانیشتوانیان تێدا نیشتەجێیە، بەشی زۆری هۆکارەکان بۆ گرفتە مرۆییەکانی وەک: (لاوازی کارگێڕی، مەرکەزییەت لە دابەشکردنی خزمەتگوزاری، نەبونی پلانی ستراتیژی، نەبونی سیاسەتی دانیشتوانی، هتد) دەگەڕێنەوە، لە هەمان کاتدا بەشێکی تری هۆکارەکان (ژینگەیی)ن، بۆ زۆری دوبارەبونەوەی وشکەساڵی و کەمبونەوەی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و نادڵنیایی لە پرۆسەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا، دەگەڕێنەوە.

## ٣- ٢- دابەشبونی قەبارەیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبونی قەبارەیی؛ بەرکەوتەی دانیشتوانە بۆ هەر مەڵبەندێکی دانیشتوانی، ئیتر ئەگەر لەسەرئاستی وڵات، هەرێم، پارێزگا، قەزا یان ناحیە بێت، بە دەربڕینێکی تر: بریتییە لە ڕیزبەندی قەبارەیی دانیشتوان بەگوێرەی قورسایی دانیشتوانیان، بۆ ئەم مەبەستەش ڕیزبەندەکە پشت بە ژمارەی دانیشتوانی هەر نشینگە (شار، دێ)یەک دەبەستێت، بێگومان ئەم دابەشبونە بەتێپەڕبونی کات گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، کە بەرئەنجامی هۆکارە جۆراوجۆرەکانن، جگە لەوەی خودی جیاوازییە قەبارەییەکانیش جارێکی تر

لێکەوتەی کۆمەڵێک بارودۆخی زاڵی ئەو ناوچەیەن، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم دابەشکارییە کۆمەڵێک دەستەی قەبارەیی دادەنرێن و نشینگەکانیان پێدابەشدەکرێت (کاکی، 2022: 80).

دابەشبونی قەبارەیی دانیشتوان؛ پێوەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە تێکچونی دابەشبون و مەودای جیاوازیی کەڵەکەبونی دانیشتوان بەگوێرەی نشینگەکان دەستنیشانبکرێن، چونکە زۆر بەڕونی جیاوازیی کەڵەکەبونی دانیشتوان دەخاتەڕو، بیگومان بۆئەوەی دابەشبونێکی هاوسەنگ و تەندروست هەبێت، باشترە مەودای قەبارەیی دانیشتوانی نێوان نشینگەکان کەمبن، بەپێچەوانەوە زۆریی "مەودا"کە نیشاندەرێکی باشنییە، دەریدەخات سیاسەتی دانیشتوانی و ڕۆڵی دەسەلاتی کارگێڕی و سیاسەتی ئابوری لەو ناوچەیەدا زۆر لاوازن.

خشتەی (8)، دەستەی قەبارەیی نشینگەکان و مەودای جیاوازیی دابەشبونی قەبارەیی دانیشتوانی تێدا خراوەتەڕو، بەگوێرەی خشتەکە نشینگەکان بەسەر (6) دەستەی قەبارەییدا دابەشکراون[2] هەر دەستەیەک کۆمەڵێک نشینگە (یان تەنیا نشینگەیەک) لەخۆدەگرێت، بچوکترین دەستە (دەستەی یەکەم)ـە، کەمترین دانیشتوان لەخۆدەگرێت، ئەویش دەستەی (کەمتر لە 100کەس)ـە، زۆرترین نشینگە لەم دەستەیەدا هەڵکەوتون، کە ژمارەیان (298) نشینگەیە، واتە نزیکەی (75%)ی کۆی هەمو نشینگەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، لەمەوە ڕوندەبێتەوە زۆرینەی نشینگەکان لەجۆری نشینگەی بچوکن و قورسایی دانیشتوانیان کەمە، ئەم ئاراستەیە جگە لەوەی بۆ پرسی نیشتەجێبون ئاماژەیەکی باش نییە، لەهەمان کاتدا ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە بەشێکی نشینگەکان، لە نیشتەجێبونێکی هەمیشەیی و جێگیرەوە بەرەو کەناری ئاوابون هەنگاوهەڵدەگرن، هەر مەترسییەکی ژینگەیی وەک وشکەساڵی و نەمانی سەرچاوە ئاوییەکان دەتوانێت زۆرینەیان لەسەر نەخشە بسڕێتەوە، چونکە زۆرینەیان نشینگەی دێیین و بۆ دابینکردنی پێداویستیی و پەیڕەویکردنی چالاکیی کشتوکاڵی ڕاستەوخۆ پشت بەزەوی و باران و سەرچاوەی ئاو دەبەستن، هەربۆیە نەمانی هەریەک لەم ڕەگەزانە دواجار بە نەمان و چۆڵکردنی دێیەکانەوە گرێدراون.

لەڕیزبەندی دوەمی دەستە قەبارەییەکاندا دەستەی دوەم (100–500 کەس) دەبینرێت، ئەم دەستەیەش (82) نشینگەی لەخۆگرتوە، واتە نزیکەی (21%)ی هەمو نشینگەکان، ئەم دو دەستە بچوکەی سەرەتا (کەمتر لە 100کەس و 200–500کەس)، زۆرترین نیشنگەی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، کە ژمارەیان (380) نشینگەیە، لەڕوی ژمارەوە زیاتر لە (95%)ی تەواوی نشینگەکانیان پێکهێناوە، لەکاتێکدا تەنیا (21%)ی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیانیان تێدا نیشتەجێیە، لە بەرانبەردا (20) نشینگەکەی تر نزیکەی (79%)ی دانیشتوانیان تێدا نیشتەجێیە، لەمەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە؛ تێکچونێکی یەکجار زۆر لە دابەشبونی

قەبارەیی دانیشتوانی نشینگەکانی ئیدارەی گەرمیاندا هەیە، تەنانەت شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەکە بەتەنیا زیاتر لە (54%)ی دانیشتوانی هەمو ئیدارەکەی پێکهێناوە.

خشتەی (8): دەستەی قەبارەیی بۆ نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان لەساڵی 2022 دا

| دەستە | قەزای کەلار | | قەزای کفری | | قەزای خانەقین | | ئیدارەی گەرمیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. نشینگە | % | ژ. نشینگە | % | ژ. نشینگە | % | ژ. نشینگە | % |
| کەمتر لە 100 کەس | 118 | 75.6 | 109 | 76.8 | 71 | 69.5 | 298 | 74.5 |
| 500-100 | 31 | 20 | 23 | 16.2 | 28 | 27.5 | 82 | 20.5 |
| 1000-501 | 3 | 1.9 | 3 | 2.1 | 2 | 2 | 8 | 2 |
| 5000-1001 | - | 0 | 5 | 3.5 | - | 0 | 5 | 1.3 |
| 10000-5001 | 1 | 0.6 | 1 | 0.7 | 1 | 1 | 3 | 0.7 |
| زیاتر لە 10000کەس | 3 | 1.9 | 1 | 0.7 | - | 0 | 4 | 1 |
| سەرجەم | 156 | 100 | 142 | 100 | 102 | 100 | 400 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە ژمارەی دانیشتوانی هەر نشینگەیەک.


ئەگەر لە نەخشەی (4) وردبینەوە، کە دابەشبونی قەبارەیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی تێدا خراوەتەڕو، زۆر بەڕونی تێکچونی دابەشبونەکەمان بۆ دەردەخات، گرنگترین ئەنجامێک بتوانین لێوەی هەڵنجێنین، ئەوەیە: زۆربەی نشینگە قەبارە گەورەکان لە بەشی باشوری ئیدارەکە هەڵکەوتون، لە کاتێکدا نشینگە قەبارە بچوکەکان لە بەشەکانی تردا بڵاوبونەتەوە. بێگومان ئەم کەڵەکەبونەی دانیشتوان لە ڕوبەرێکی بچوکی ناوچەی توێژینەوەدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژینگەی ئەو ڕوبەرە بچوکە دەبێت و وادەکات زۆرترین چالاکیی مرۆیی (بەهەمو جۆرەکانییەوە) و فشاری ژینگەیی تێدا ڕوبدات، لەکاتێدا بەشێکی زۆری ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە بەبێ بەکارهێنانێکی ئەوتۆ جێهێڵراون و نەتوانراوە بەباشی سودیان لێوەربگیرێت. تەنیا لە (بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵی دێم)دا بەکاردەهێنرێن، ئەویش بەبارانبارینەوە پەیوەستن، ناوچەکەش بارانێکی مسۆگەری نییە، بۆیە زۆرینەی ساڵەکان هیچ کام لەو دو پرۆسەیە سەرکەوتونابن.

### ٣-٣- شێوازی دابەشبونی دانیشتوان

زانینی شێواز، یاخود ئەو شێوازانەی لە دابەشبونی دیاردەکاندا دەردەکەون، باشترین و بەسودترین ئامرازن، بۆئەوەی وردتر لە دابەشبونی جوگرافیی دیاردەکان تێبگەین و چاودێریی بارودۆخی بڵاوبونەوەیان بکەین، جگەلەوەی توانایی توێژەر لە هەریەک لە (بەراوردکاری، دوربینی، پێشبینیکردن)ی دابەشبونی دیاردەکان زیاتردەکات. بەهای شێوازەکانی دابەشبون؛ لەنێوان کۆبوەوەیەکی تەواو چڕ و دور لەیەکتری

پەرش و بڵاودا هەڵکەوتوە، لەنێوان ئەم دو بەها پێچەوانەیەدا (شێوازی هەرەمەکی)یش بونی هەیە (سنكري، 2008: 86).

نەخشەی (4): دابەشبونی قەبارەیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان بەگوێرەی نشینگەکان، لەساڵی (2022)دا





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٨).

بۆئەوەی لەڕێگەی ئەم بەهایانەوە، بەشێوەیەکی باشتر لە دابەشبونی شوێنیی دیاردەکان تێبگەین، پێویستمان بە هێنانەوەی نمونەیەکە، باشترین نمونەش "دابەشبونی دانیشتوان"ـە بەسەر جوگرافیایەکی دیاریکراودا، گریمان پانتایی (هەرێم)ێکمان هەیە، ئەگەر هاتو دانیشتوان بەشێوەیەکی بەربڵاو بەسەر ئەو پانتاییەدا دابەشبوبون، بۆمان دەردەکەوێت هۆکارەکانی ژیان و بارودۆخەکانی ژیان بەشێوەیەکی فراوان لەو هەرێمەدا بەردەستن، بەڵام ئەگەر هاتو لە تەنیا ڕوبەرێکی کەم یان چەند ناوچەیەکی ئەو پانتاییەدا چڕبوبونەوە و شێوازی کۆبوەوەیان وەرگرتبو، ئەوا دەردەکەوێت بارودۆخەکانی ژیان تەنیا لەبەشێک یان چەند بەشێکی ئەو هەرێمەدا کوتبونەتەوە. بۆیە ئەم ئامرازە (شێوازی دابەشبون) لە ژیانئامێزی و گونجاویی ناوچەی توێژینەوە بۆ دانیشتوانەکەی تێگەیشتنێکی بابەتیمان پێدەبەخشێت، لەوەی ئایا دەرفەتەکانی گوزەران لە تەواوی بەشەکانیدا بەردەستن، یاخود بەپێچەوانەوە لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا سنوردارن.

نەخشەی (5)؛ دابەشبونی دانیشتوانی بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا خستۆتەڕو، تەنیا بە سەیرکردن و وردبونەوەیەک دەتوانین چڕبونەوەی هەندێکیان لە چەند ناوچەیەک و پەرش و بڵاوی هەندێکی تریان لەناوچەکانی تردا هەستپێبکەین، بەدەربڕینێکی تر دابەشبونێکی چونیەک نابینرێت. بەڵکو زۆرینەی دانیشتوان

لە شارە سەرەکییەکانی ناوچەی توێژینەوە (کەلار، کفری، ڕزگاری)دا چڕبونەتەوە، بەشێک لە هۆکارەکانی ئەم چڕبونەوەیە بۆ گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دانیشتوان دەگەڕێنەوە، بەشێکی تریان بۆ بونی زۆرترین مەڵبەندی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەم شارانەدا دەگەڕێنەوە.

نەخشەی (5): دابەشبونی دانیشتوان لەئیدارەی گەرمیان، بۆساڵی 2022





سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە نەخشەی (3).

هەروەها شێوەی (5)؛ دەرهاویشتەی بەكارهێنانی هاوكێشەی (نزیكترین دراوسێ)یە، بەگوێرەی ئەنجامەكەی دەركەوتوە بەهای نزیكترین دراوسێ (0.77) بوە، هەروەها (Z value) بە بەهای (-14.01) كەوتۆتە دەرەوەی بەهای ڕەخنەییەوە. بەمەش ئەنجامێكی ئاماریی (Significant) دەرچوە، كە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە دابەشبونی دانیشتوان بەرئەنجامی كۆمەڵێك هۆكاربون، واتە گریمانەی شوێنگرەوە پەسەندكراوە، بەوەی دابەشبونەكە لە شێوازی هەڕەمەكییەوە دورە.

بەم پێودانگە دەركەوت، دابەشبونی نشینگەكان شێوازی نزیك لەیەكتر (كۆبوەوە)یان وەرگرتوە، لەناوشێوازی كۆبوەوەشدا زیاتر جۆری (كۆبوەوەی ناڕێك-نائەندازەیی) بەسەر دابەشبونەكەدا زاڵە، بەجۆرێك دانیشتوان لەشێوەی كۆمەڵی جیاجیا لە چەند ناوچەیەك كۆبونەتەوە، لە بەرانبەردا هەندێ بەشی ناوچەی توێژینەوە زۆربەكەمی خاڵی دانیشتوانیی تێدا دەبینرێت.

کەواتە ئەم پێوەرەش (شێوازی دابەشبون)؛ هاوشێوەی پێوەرەکانی پێشوتر جارێکی تر لەسەر تێکچون و ناڕێکیی دابەشبونی دانیشتوان جەختدەکاتەوە، کە دواجار کاریگەریی نەرێنی لەسەر گوزەرانی دانیشتوان لەناوچە چڕەکاندا دەبێت، جگە لەوەی هۆکارێکە بۆئەوەی ناوچە چڕیی کەمەکان فەرامۆشبکرێن و کەمترین خزمەتگوزارییان بۆ ببرێت، لەو ناوچانەش چڕیی دانیشتوانیان بەرزە، خزمەتگوزارییەکان کورتدەهێنن و فشارێکی زۆر لەسەر مەڵبەندەکانی پێشکەشکردنیان دروستدەبێت.

شێوەی (5): شێوازی دابەشبونی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان، بەگوێرەی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ، بۆساڵی 2022




سەرچاوە: کاری توێژەر، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ بۆ دابەشبونی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان، بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc MAP 10.8.2).

## ٣ـ ٤ـ دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان

هەمیشە شارنشینی وەک قەبارە و ڕێژە لەئاست دێنشیدا لە هەریەک لە یەکە کارگێڕییەکانی وەک: (هەرێم، دەوڵەت، یان هەر یەکەیەکی تر)دا هەژمار دەکرێت، پێکەوە "دابەشبونی ژینگەیی" پێکدەهێنن، بە دەربڕینێکی تر شارنشینی واتە ژمارەی ئەو دانیشتوانانەی لە شارەکاندا نیشتەجێن، ئەمڕۆ بۆتە ڕەوتێکی جیهانی و بەردەوام لەوڵاتانی جیهاندا بەهۆی گۆڕانی ئابوری کشتوکاڵ (ئابوریی بژێوی) بۆ ئابوریی پیشەسازی (ئابوریی کەڵەکەکردنی سەرمایە)، لەزیادبوندایە (کاپلان و دیگران، 1391: 35-36). ئاشکرایە مرۆڤ دوای ئەوەی لەسەر زەوی بڵاوبویەوە، دو ژینگەی نیشتەجێبونی (دێ، شار)ی بەرهەمهێناوە، کە

هەریەکیان خاوەن تایبەتمەندیی پیشەیی و جۆری پەیوەندیی جیاوازن، پێکەوە ڕێچکەی ژیان و پێداویستییە جۆراوجۆرەکان تەواودەکەن، بەڵام ئێستا خەریکە هاوکێشەکە بەتەواوی دەگۆڕێت، جیهان بەگشتی؛ لەژێر لێشاوی بەشاریبوندایە، "جیهانگیری و کەرەستەکانی" هێندەی تر ڕەوتەکەیان خێراترکردوە، تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم (لەمێژوی 5,5 هەزار ساڵەی دروستبونی شارەوە)، تەنیا (3%)ی دانیشتوانی جیهان لەشارەکاندا دەژیان، بەڵام ئەوە ڕابردو بو، ئێستا زیاتر لە (50%)یان لە شارەکاندا نیشتەجێن، پیشبینیدەکرێت تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەک بۆ زیاتر (90%) بەرزببێتەوە، کەواتە لە ماوەی (250) ساڵی کۆتایدا مرۆڤایەتی لە"جیهانێکی تەواو دێنشینییەوە" بۆ "جیهانێکی شارنشینی" وەرچەرخاوە، بە مەش نەک تەنیا توێژەرانی جوگرافی، بەڵکو زیاتر لە نیو سەدەیە توێژەر و بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسیی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە (Potter, 2011 :19)، چونکە گۆڕینی ژینگەی نیشتەجێبون بەرئەنجامی گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی ئابوری و پەیوەندییەکانە، ئەم گۆڕانکارییانە لای زۆرینەی جوگرافیناسان جۆرێک لە بەرهەمهێنانەوەی فەزا (هاماج)ە، بۆ کۆمەڵێک ئامانج و ویستی خوازراو، کە خەریکە هەمو مرۆڤایەتی لە هاماجە ئامادەکراوەکاندا نیشتەجێبکرێن، بۆیە "دەیڤید هارڤەی" یەکێکە لەو جوگرافیزانە ڕادیکاڵانەی لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی (شارنشینیی سەرمایە) پێیوایە دەبێت بپرسین (شکوئی، 1383: 285): "ئایا شار کێ دروستیدەکات؟، بۆچی دروستدەکرێت؟، ئامانجەکانی ئەودیو بەشاریکردنی جیهان چین؟". هەمو ئەمانە دەریدەخەن، لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی شارنشینی لە هەڵکشاندایە، بە پێچەوانەوە دێنشینی بەردەوام دادەبەزێت.

## 3-4-1- دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان

ئەوەی بە دابەشبونی ژینگەیی ناوچەی توێژینەوەوە پەیوەستە، لە خشتەی (9) و شێوەی (6)دا خراوەتەڕو، دەرکەوتوە لەماوەی توێژینەوەکەدا "دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان" وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینیوە، واتە سەرەتاکانی ماوەی توێژینەوە ژینگەی دێنیشینی بەسەر دانیشتواندا زاڵبوە و چالاکیی کشتوکاڵی لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانەوە پەیڕەویی لێکراوە، بەڵام "کۆتاییەکانی ماوەکە" دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، "ژینگەی شاری" باڵ بەسەر زۆرینەی دانیشتواندا دەکێشێت، شارنشینان چیتر چالاکیی کشتوکاڵی پەیڕەوناکەن، بەڵکو چالاکیی بازرگانی و کارکردن لە کەرتی خزمەتگوزاری و پیشەسازیدا زیاتر پەیڕەوییان لێدەکرێت. بۆیە دەبینین لە هەریەک لە سەرژمێرییەکانی (1977، 1987) و خەمڵاندنەکانی (2002، 2012، 2022)دا، ڕێژەی دێنشینی بریتیبوە لە (73.5، 44.5، 16.3، 15، 16)، واتە بەردەوام دابەزیوە، لە بەرانبەردا شارنشینی بەرزبوەتەوە.


خشتەی (9): ڕێژەی شارنشین و دێنشین لە ئیدارەی گەرمیان، لەماوەی ساڵانی (1977-2022)

| ساڵەکان | دانیشتوان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | % | دێنشین | % | کۆ | % |
| 1977 | 23063 | 26.5 | 63847 | 73.5 | 86910 | 100 |
| 1987 | 62157 | 55.5 | 49770 | 44.5 | 111927 | 100 |
| 2002 | 147096 | 83.7 | 28735 | 16.3 | 175831 | 100 |
| 2012 | 204781 | 85 | 36106 | 15 | 240887 | 100 |
| 2022 | 274720 | 84 | 52351 | 16 | 327071 | 100 |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (١).


کەواتە بەگشتی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان لە کۆی دو سەرژمێری و سێ خەمڵاندن و ڕوپێوی، تەنیا لەساڵی (1977) ڕێژەی دێنشینیی بەرزبوە، لەچوارەکەی تردا ڕێژەی شارنشین زۆرینەی دانیشتوانەکەیی پێکهێناوە، بەمەش ڕوندەبێتەوە شارنشین زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، بڕوانە نەخشەی (6).

شێوەی (6): ئاراستەکانی ڕێژەی شارنشین و دێنشین لە ئیدارەی گەرمیان ماوەی (1977-2022)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (7).

نەخشەی (6): دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان بۆساڵی (2022)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (7).

## 2-4-3- دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەرئاستی قەزاکان

لەسەر ئاستی قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان؛ دابەشبونی ژینگەیی چونیەک نییە، خشتەی (10) و نەخشەی (7)، جیاوازییەکە دەردەخەن، لە هەریەک لە قەزاکانی (کەلار، کفری)دا شارنشینی زۆرینەی دانیشتوانی پێکهێناوە، زۆرترین شارنشینی لە قەزای کەلاردا بەڕێژەی (95.5%) تۆمارکراوە، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە، قەزای کفری بەڕێژەی (64%) لە ڕیزبەندی دوەمدا دەبینرێت، کەمترین شارنشین لە قەزای خانەقین بە تەنیا (6.5%) دەبینرێت.


لەهەمان کاتدا زۆرترین دێنشینی لە قەزای خانەقین بە ڕێژەی (93.5%) دەبینرێت، دواتر قەزای کفری بەڕێژەی (36%)، قەزای کەلار لەکۆتایی ڕیزبەندەکەدایە و کەمترین دێنشینی بەڕێژەی تەنیا (4.5%) تۆمارکردوە.

خشتەی (10): ڕێژەی شارنشین و دێنشین لە قەزاکانی ئیدارەی گەرمیاندا، بۆ ساڵانی (2022)

| زانیاری / قەزاکان | دانیشتوان | | | |
|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | % | دێنشین | % |
| کـــــەلار | 228223 | 95.5 | 10858 | 4.5 |
| کــــفری | 45385 | 64 | 25514 | 36 |
| خـــانەقین | 1112 | 6.5 | 15979 | 93.5 |
| ئیدارەی گەرمیان | 274720 | 84 | 52351 | 16 |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (١).

نەخشەی (7): دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان، بۆ قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان لەساڵی 2022




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (10).

## 3-4-3- دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەرئاستی ناحیەکان

بەهەمان شێوە، لەسەر ئاستی ناحیەکانیش دیسان نابەرانبەریی لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتواندا دەبینرێت، بەشی زۆری ناحیەکان ژینگەیەکی دێنشینیان هەیە، کە ژمارەیان (7) ناحیەیە، واتە تەنیا ناحیەکانی: (ناوەندی قەزای کەلار، ڕزگاری، پێباز، ناوەندی قەزای کفری) شارنشینن، بەڵام زۆریی ژمارەی ناحیە دێنشینەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕینی ژینگەی تەواوی دانیشتوانی ئیدارەکە نەبوە، وەک دەبینین بەتێکڕای هەمو ناحیەکان ڕێژەی دێنشینی لە (16%) تێناپەڕێت، هۆکارەکەی بۆ بچوکیی قەبارەی دانیشتوانی ئەو ناحیانەی، کە دێنشینیان بەرزە دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک کۆی گشتی دانیشتوانیان بریتییە لە (48331) کەس، بەمەش تەنیا ڕێژەی نزیکەی (15%) لە کۆی گشتیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، لە بەرانبەردا ئەو چوار ناحیەکەی تر، کە شارنشینن (85%)ی دانیشتوانیان پێکهێناوە، بۆیە دواجار قورسایی شارنشینی ئەم چوار ناحیەیە، لە سەرجەم دانیشتوانی ئیدارەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. سەرنج لە هەریەک لە خشتەی (11) و نەخشەی (8) بدە.زۆرترین ڕێژەی شارنشین؛ لە ناوەندی قەزای کفریدا بەڕێژەی زیاتر (99%) تۆمارکراوە، دواتر لە ناوەندی قەزای کەلار بە ڕێژەی (97%)، هەروەها لە ناحیەی ڕزگاری بەڕێژەی (95%)، لە کۆتاییدا ناحیەی پێباز ڕێژەی (81%) ی تۆمارکردوە.

خشتەی (11): ڕێژەی شارنشین و دێنشین لەسەر ئاستی ناحیەکانی ئیدارەی گەرمیان، بۆساڵی (2022)


| یەکەی کارگێڕی | | دانیشتوان | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| قەزا | ناحیە | شارنشین | % | دێنشین | % |
| کەلار | ناوەندی کەلار | 176652 | 97 | 4757 | 3 |
| | ڕزگاری | 43841 | 95 | 2216 | 5 |
| | پێباز | 7278 | 81 | 1711 | 19 |
| | شێخ تەویل | 452 | 17 | 2174 | 83 |
| کفری | ناوەندی کفری | 42030 | 99 | 255 | 1 |
| | سەرقەڵا | 2476 | 31 | 5442 | 69 |
| | کۆکس | 651 | 4 | 16744 | 96 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئاوەسپی | 68 | 7 | 963 | 93 |
| | نەوجول | 160 | 7 | 2110 | 93 |
| خانەقین | مەیدان | 997 | 20 | 3931 | 80 |
| | قۆرەتو | 115 | 1 | 12048 | 99 |
| ئیدارەی گەرمیان | | 274720 | 84 | 52351 | 16 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی پاشکۆی (1)، پاش دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ هەریەک لە ژینگەکانی نیشتەجێبون.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان؛ هەم لەسەر ئاستی شوێن هەم لەسەر ئاستی کات، تێکچونی بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەر لەسەر ئاستی کات لێکدانەوەی بۆبکەین، دەبینین: لە سەرەتاکانی ماوەی توێژینەوەکەدا ژینگەی نیشتەجێبونی ئیدارەی گەرمیان (دێنشین) بوە، بەڵام لە کۆتایی ماوەکەدا ژینگەی نیشتەجێبون بۆ (شارنشین) وەرچەرخاوە. لەسەر ئاستی شوێنیش دیسانەوە ناهاوسەنگی و نابەرانبەری دەبینرێت، بەوەی بەشێکی یەکە کارگێڕییەیان دێنشینن و بەشەکانی تریان شارنشینن، تەنانەت مەودای گەورە لە هەریەک لەئاستەکانی (ئیدارە، قەزا، ناحیە)دا لەنێوان شارنشین و دێنشیندا هەیە، لە هیچ ئاستێکیاندا ژینگەی نیشتەجێبون (نیوە بەنیوە، یاخود نزیک لەیەکتر بە مەودایەکی کەم) هەڵنەکەوتون، بەڵکو بەڕێژەی زۆرینە "بەجیاوازییەکی زۆر" بەلای شارنشین یاخود دێنشینیدا یەکلابۆتەوە.

نەخشەی (8): دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان بۆ ناحیەکانی ئیدارەی گەرمیان، بۆ ساڵی 2022




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (11).

## ئەنجامەکان:

لەکۆتاییدا؛ گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- لەماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانی گەورە بەسەر ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیاندا هاتوە، بەجۆرێک قەبارەی دانیشتوان لە (86910 کەس) لەساڵی (1977)ەوە، بۆ (327071) کەس لەساڵی (2022) زیادیکردوە، واتە گۆڕانی ڕەها (240161) کەس بوە. ئەم گۆڕانانە لەسەر ئاستی شوێن و کات وەک یەک نەبون.

2- گۆڕانکارییەکان بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکان بەهەمان بڕ ڕوویاننەداوە، بەڵکو نابەرانبەریی تێدا بەدیدەکرێت، کۆی دانیشتوانی قەزای خانەقین لەماوەی ساڵانی (1977-2022)دا لە (13973) کەسەوە بۆ (17091) کەس زیادیکردوە، واتە کەمتر لە هێندە و نیوێک بوەتەوە، هەروەها دانیشتوانی قەزای کفری لە (30599) کەسەوە بۆ (70899) کەس زیادیکردوە، بەمەش زیاتر لە دو هێندە بوەتەوە، بەڵام دانیشتوانی قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەکە لە (42338) کەسەوە بۆ (239081) کەس گۆڕاوە، کەواتە نزیکەی شەش هێندە زیادیکردوە.

3- لە ناوچەی توێژینەوەدا؛ ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەگشتی بەرزە، بەڵام زیاتر گەشەی شارنشینییە، زۆرترین ڕێژەی شارنشینی لەماوەی یەکەم (1977-1987)دا بەڕێژەی نزیکەی (10.5%) زیادیکروە، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە، هەروەها لە ماوەی دوەمیشدا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بریتیبوە لە

نزیکەی (6%)، کە ئەمەش دیسان ڕێژەیەکی بەرزە، بێگومان بەرزیی شارنشینی لەم دو ماوەیەدا وایانکردوە گەشەی دێنشینی نەرێنی بێت، بۆیە ئەنجامیان بە سالب دەرچوە، کەمترینیان لەماوەی دوەم (1987–2002)دا بە ڕێژەی (-3.6) کەمیکردوە، بەگشتی لەماوەی سالانی توێژینەوەکە (1977–2022)دا جارێکی تر شارنشینی بەڕێژەی زیاتر لە (5،5%) زیادیکردوە، لە بەرانبەردا دێنشینی بەڕێژەی نزیکەی (-0،5%) کەمیکردوە.

4- بەشاریبونێکی دیار و فراوان لە ئیدارەی گەرمیاندا بەدیدەکرێت.

5- "دابەشبونی دانیشتوان" بەسەر جوگرافیای ئیدارەی گەرمیاندا، دابەشبونێکی ناڕێکە، لەبەرئەوەی لە جێبەجێکردنی هەمو پێوەرەکانی دابەشبوندا (دابەشبونی شوێنی، دابەشبونی قەبارەیی، شێوازی دابەشبون، دابەشبونی ژینگەیی)، ئەنجامەکان ناڕێکیی دابەشبونەکەیان پشتڕاستکردەوە، "تێکچون و ناڕێکیی دابەشبونی دانیشتوان" لێکەوتە و شوێنەواری نەرێنی بەسەر بارودۆخی ژینگەیی ناوچەی توێژینەوە، تەنانەت بارودۆخ و نیشاندەرەکانی ژیان و گوزەرانی دانیشتونەوە بەجێدەهێڵێت.

## **ڕاسپاردەکان:**

1- دانانی سیاسەتێکی دانیشتوانی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؛ چونکە هەمو ئەو ئاراستە نەرێنییانە لە بۆشایی نەبونی سیاسەتی دانیشتوانییەوە سەرچاوەیانگرتوە.

2- هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان.

3- پێویستە هەرچی زوە پلانێکی ستراتیژیی دورمەودا بۆ ڕێگریکردن لە لێشاوی بەشاریبون دابنرێت، بۆئەوەی مەودای جیاوازیی دابەشبونی دانیشتوانی (شارنشین و دێنشین) کەمبکرێتەوە.

4- زۆر گرنگە حکومەت لە پرسی دابەشبونی دانیشتواندا ڕۆڵ و کاریگەریی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستییەکی زۆری بە پلانڕێژیی بەردەوام و زنجیرەیی دەبێت، تاکو مەبەست و ئامانجەکانی لەم پرسەدا مسۆگەربکات.

# Geodemographics and population distribution of Garmian administration

**Mohammed. Mahdi. Karim[1] - Jaza Tofiq Talib[2]**

[1]Geography Department, College of Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Geography Department, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research; It study the population reality (population change and distribution) in the Garmian administration. The data of population were taken from censuses (1977, 1987), estimates (2002), agricultural survey of (2012), and the researchers' own surveys were taken for all Human Settlements of Garmian administration in 2022, so that all changes and distribution are made according to dimensions (temporal and spatial) in order to interpret and analyze them scientifically and objectively. Since the location of the study area is of great geopolitical importance. becouse of those political and demographic processes of the last century. approach of study is (quantitative method) and method of (Descriptive-analytical). the transformed population; During the study, there was a significant change in size, from 86,910 people in 1977 to 327,071 071 people in 2022, an absolute change of 240,161 people. Even their distribution characteristics have generally taken a negative direction. The balance of environmental, spatial and numerical distributions has been completely disrupted. The important results of the study is that the administrative authorities of Garmian and Sulaimani provinces can feel the dangers of deteriorating population distribution and put limits on the negative directions and plan to restore the population balance.

**Keywords:** Population, Geodemographics, Population Distribution, Garmian Administration.

## سەرچاوەکان.

الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧7، لمحافظة السليمانية وديالى وكركوك.

الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩87، لمحافظة السليمانية وديالى وكركوك.

حكومة إقليم كوردستان، وزارة التخطيط, مديرية إحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة 2002.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری گەرمیان، ڕوپێویی کشتوکاڵیی دێیەکانی گەرمیان بۆ ساڵی (2012)، داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی 2009.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی دیمۆگرافیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، بەگوێرەی ئەنجامی پرۆسەیی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی تاساڵی (2009–2020)، ساڵی 2019.

کاکی، کاوە ڕەشید، (2022)، ***قەزای سەیدسادق (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)***، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

البياتي، فراس عباس، (2011)، ***الانفجار السكاني والتحديات المجتمعية***، الطبعة الأولى، دار غيداء للنشر والتوزيع، الأردن

***التحليل الإحصائي للبيانات المكانية في نظم المعلومات الجغرافية***، (2008)، ترجمة وإعداد: يمان سنكري، مراجعة علية: عبدلله كامل، الطبعة الأولى،

دياب، علي محمد، (2010)، ***مناهج البحث العلمي وطرائقه في الجغرافية البشرية***، الطبعة الأولى، منشورات جامعة دمشق، دمشق.

شكوئى، حسين، (1383)، ***ديگاههاى نو در جغرافياى شهرى***، جلد اول، چاپ هشتم، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انسانى دانشگاهها (سمت)، تهران.

اچ كاپلان ديويد وديگران، (1391)، ***جغرافياى شهرى***، ترجمه: حسين حاتمى نژاد وعبد المطلب برات نيا، چاپ اول، سازمان مطالعه وتدوين كتب علوم انسانى دانشگاهها (سمت)، تهران.

Graziella Caselli, Jacques Vallin, and Guillaume Wunsch, (2006), ***Demography; analysis and synthesis: a treatise in population studies***, First Edition, (Elsevier Academic Press publications), British Library.

K. Bruce Newbold, (2014), ***Population Geography (Tools and Issues)***, Second Edition, published by Rowman & Littlefield, Printed in the United States of America.

Robert B. Potter, (2011), ***Urbanization and Planning in the 3rd World (Spatial Perceptions and Public Participation)***, Second Edition, published by Routledge, New York.

---

[1] -) ڕێژەکە، لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەرهێنراوە:

$$r = \left\{ \sqrt[t]{\frac{p1}{p0}} - 1 \right\} * 100$$

r= (ڕێژەی گەشەی ساڵانە) t= (ماوەی نێوان سەرژمێرییەکان) p1= (ژمارەی دانیشتوانی دواین سەرژمێری)

p0= (ژمارەی دانیشتوانی سەرژمێریی پێشو.(Bruce Newbold, 2014; 37) )

[2] - لەدیاریکردنی دەستەدا؛ بۆ پۆلێنکردنی داتاو زانیاریی و ڕێکخستنیان، زۆرجار ستاندارد و هاوکێشەی تایبەت هەیە، کە توێژەر ناتوانێت سەربەستانە یەکلاییان بکاتەوە، بەڵام لە پرسی دابەشبونی قەبارەییدا زۆرجار ژمارەی ئەو دەستانەی کە هاوکێشەکان دیارییاندەکەن، بۆشایی دروستدەکەن، واتە بەشێکی زۆری دەستەکان بە بەتاڵی دەمێننەوە، ئەم بۆشاییانەدەبنە خاڵی لاواز بۆ شیکردنەوەی خشتەکان، بۆیە توێژەر لەم دۆخەدا لەدیاریکردنی درێژی(مەودا)ی دەستەدا سەرپشکە.